له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# دوژمنەكەت بناسە

نوسينی
دايكی عبدالعزيز
وەرگێڕانی بەدەستكاری يەوە
پشتيوان حسن كرم

چاپی يەكەم ١٤٣٣ كۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئيسلامی زانستی پەروەردەيی يە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئيسلامەيە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هيچ گروپ و لايەنێكی حيزبی نيە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ،وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

**أَمَّا بَعْدُ ...**

**فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.**

کاتێك کە خوای پەروەردگار ویستی وابوو کە ئـادەم بـەدی بهێنێـت ودروسـتی بکات، فەرمانی کرد بە تەواوی فریشتەکان کە سوجدەی ڕێزو سلاَو بەرن بۆ ئـادەم،

جا هەموو فریشتەکان فەرمانی خوای خۆیان بەجێ هێنـاو سـوجدەیان بـۆی بـرد، تەنها ئیبلیس نەبێت کە یاخی بوو خۆی بەگـەورە زانـی لـە ئاسـت ئـەو فەرمانـە خواییەداو سوجدەی نەبرد و وتی: ئایا سوجدە بەرم بۆ کەسێك کە لـەقوڕ دروسـتت کردووە و منیشت لە ئاگر دروست کردووە؟ بۆیە خوای بەرزو بالادەست بێ ئومێدی کرد لە سۆزو میهرەبانی خۆی ودەری کـردو دووری خسـتەوە لـە ڕەحمـەتی خـۆی، وکردیە شەیتانی نەفرین لێکراوی ڕەجمکراو وەکو سزایەك بۆ ئەو سەرپێچـیەی کـە کردی، هەربۆیە ئیبلیسـیش سـوێنی خـوارد بـۆ پـەروەردگاری و وتـی: ﴿ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ (ص).

واتە: سوێندبێ هەموویان لەڕێی ڕاست گومڕاو سەرلێشێواو بکەم، مەگەر بەندە دڵ ودەروون پاکەکانت نەبێ.

بۆیە ئیبلیس توانی فریوی ئادەم بدات لەبەر ئەو حەسوودی وخۆبەگەورە زانینەی کە لەدڵیدا هەبوو، هەربۆیە خوای گەورە ومیهرەبان لە قورئانەکەیدا باسی فێڵ وتەڵەکەکانی ئیبلیسمان بۆدەکات کە چۆن ولەچ ڕێگەیەکەوە دێن بۆ ئادەمیزاد وهەوڵی گومڕابوونی دەدەن، و پیلان وشێوازو ڕێچکە و وەسوەسەکانی بۆمان

ئاشکرا دەکات وئەو ڕوقیەو نزاو پاڕانەوانەشمان بۆ باس دەفەرمویێت کە خۆمانی پێ بپارێزین لە شەیتان.

**شەیطـان :** ووشەیەکە واتای یاخی بوون ولووت بەرزی دەگەیەنێـت، وە وەرگـیراوە لە ( **شطن** ) واتە "دوور"، ئەوترێت: شگنت دارە، واتــە: ماڵەکـەی دوورە، یـان: بئر شگون، واتە، بیرێکی بن دوور(قووڵ).

**پێشەوا قورتوبی دەڵێت:** شەیتان بۆیە پێی دەوترێت شەیتان چونکە دوورەو یاخی بووە لەحەق.

هەربۆیە هەموو کەسێکی دەرچوو دوور ویاخی لەحەق لەمرۆڤ وجن شەیتانە.

**وە ڕەجیم واتە:** ڕەجم کراو، پێشەوا قورتوبی دەڵێـت: ڕەجـم لـە بنەڕەتـدا واتـە: ڕەجـمکردن بەبەرد وە بەمانای کوشتن ونـەفرەت و دەرکـردن وجنێـویش دێـت. وە شەیتان ڕەجم کراوە چونکە نەفرەت لێکراوو دەرکراوە لە ڕەحمەتی خوا.

شەیتانەکان بریتین لە جنە بێباوەڕەکان، خوای پەروەردگار دەفەرمویێت:﴿ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓۗ ﴾ (الكهف: ٥٠).

واتە: فریشتەکان دەستبەجێ هەموویان فەرمانەکەیان بەجێهێناو کڕنووشیان برد ئیبلیس نەبێ ئەو لە جن بوو لەفەرمانی پەروەردگاری خۆی دەرچوو.

وە زۆربەی زانایان ڕایان وایە کە ئیبلیس باوکی هەموو جنەکانە، بەبڕوادارو بێبڕوایانەوە، ئەو ئەسڵ وبنچینەیانە و ئەوانیش نەوەی ئەون، ئەم بۆچوونەش نەقڵکراوە لە إبن عباس ومجاهد و قتادەو حەسەنی بەصری وجگەلەوانیش.

وە شیخ الاسلام إبن تیمیة و قوتابیەکەی (ابن قیم )و إبن حجریش هەمان بۆچوونیان هەیە.

وە شیخ إبن باز لە (مجموع الفتاوی) دا دەڵێت " شەیتان باوکی جنەکانە لای کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان، ئەو بوو کە سەرپێچی پەروەردگاری کردوو سوجدەی بۆ ئادەم نەبرد، بۆیە خوای گەورە دووری خستەوەو دەری کرد".

وە شێخ ابن عثیمین لە " فتاوی نور علی الدرب " دا دەڵێت " گومانی تێدا نیە کە ئیبلیس باوکی جنە، لەبەر ئەم ئایەتە:﴿ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴾.

واتە: وە جنۆکەی دروست کرد لە بڵێسەی ئاگرێکی بێ دووکەڵ.

وە وتەی ئیبلیس کە قسەی لەگەڵ پەروەردگاردا کرد و وتی : ﴿ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴾ .

واتە: ئیبلیس ووتی من لەو چاکترو بەڕێزترم تۆ منت لە ئاگر دروستکرد وئەویشت لە قوڕ دروستکرد.

وەهەروەها ئەم ئایەتەش :﴿ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ ﴾ .

واتە: ئایا ئیتر ئێوە شەیتان ونەوەکانی لەباتی من دەکەنە دۆست وپشتیوانی خۆتان؟ لەکاتێکدا کەئەوان دوژمنی ئێوەن وهەمیشە دژایەتیتان دەکەن.

هەموو ئەم ئایەتانە بەڵگەکانیان ڕوونە لەسەرئەوەی کە شەیتان وەچەو نەوەی هەیە، وەجن نەوەکانێتی، بەڵام چۆن؟ ئەمە نازانرێت ولەو شتانەیە کە نەزانینی زیانی نیەو زانینیشی سوودی نیە. خواش زاناترە".

## دوژمنایەتی شەیتان بۆ ئادەمیزاد وئەو فەرمانەی کە بە شوێنکەوتەکانی دەکات

### ١- دوژمنایەتی بۆ مرۆڤ:

خوای گەورە لەڕوونکردنەوەی دوژمنایەتی شەیتاندا بۆ مرۆڤ دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ ١٦٨ إِنَّمَا يَأۡمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلۡفَحۡشَآءِ وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ١٦٩ ﴾(البقرة).

واتە: ئەی خەڵکینە! لەڕزق وڕۆزی سەر زەوی حەلاڵێکی پاك بخۆن، واتە هەر خوای گەورە بپەرستن وهەرشتێکیشی کردە خۆراکتان، حەلاڵەو بیخۆن، ئەوەیشی یاساغ کردووە لێتان توخنی مەکەون و هەرگیز بەشوێن هەنگاوەکانی شەیتانیشدا مەڕۆن وپەیڕەوی لێ مەکەن ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە دەسا وریابن فریوتان نەداو

نەتانخاتە ناوشیرك وكاری حەرامەوە، چونكە ئەو فەرمانتان پێدەدا هەركاری خراپ وداوێن پیسی و زینا بكەن و هانیشتان دەدا شتی وا دەربارەی خوا بڵێن كەهەر زانیاریتان پێی نیە.

ئەم گوتارە ئاراستەی هەموو خەڵك كراوە، بەبڕوادارو بێ بڕوایانەوە، بەوەی كە هەرچی لەزەویدا هەیە بیخۆن لە دانەوێڵەو بەروبووم ومیوەو ئاژەڵان كەحەڵاڵ وپاك وچاكیشن نەوەك پیسەكان كە خودی بەرژەوەندیان لە پاكەكاندایە، وە خوای گەورە نەهی لێیان كردووە لە شوێنكەوتنی هەنگاووپیلانەكانی شەیتان كە دوژمنی سەرسەختمانە وبەردەوام لەسەنگەردایە بۆمان، وە فەرمان بەشوێنكەوتووەكانی دەكات بە هەموو جۆرە تاوانێكی وەك كوفرو سەرپێچی خواو فاحشەو هەموو حەرامكراوەكان لەخواردن وسەیركردن وهاوشێوەكانی. ئەوەش لەبەر ئەوەی شەیتان دوژمنێكی ئاشكرایەو بەڕوون وبەرچاوی دژایەتی نەوەكانی ئادەم دەكات، وەشەیتان هیچ بەرژەوەندیەكی ئێمەی مرۆڤی ناوێت وبەڵكو تەنها ئەیەوێ لێمان كە ببین بەهاوەڵانی ئاگر ودۆزەخ نشین (وەكو خۆی)، خوای میهرەبانمان تەنها فەرمانی پێمان نەكردووە بەوەی شوێن هەنگاوەكانی شەیتان نەكەوین بەڵكو شێوازی فەرمان وپیلانەكانیشی بۆمان ڕوون دەكاتەوە بەوەی كە شەیتان ﴿إِنَّمَا

﴿يَأۡمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ﴾ فـەرمان دەكـات بەخراپـە كـە بكەرەكـەی تووشـی بەدبـەختی وكارەسات دەكات، ئەوەش هەموو ئەوتاوانانە دەگرێتەوە كە فیترەتی پـاكی مـرۆڤ نایـەوێت وتێكـی دەدات وە هـەروەها لـەوەش خـراپتر فـەرمان دەكـات بـە ﴿وَٱلۡفَحۡشَآءِ﴾ واتە ئەو تاوانانەی كە قیزەون وبێزلێكراون، وەكـو زینـا ونێربـازی وخواردنەوەی مەی ودزی وكوشتن وبوهتان كردن بۆ ئافرەتی داوێـن پـاك و ڕەزیلـی وچرووكی هاوشێوەكانی لەبێزلێكراوەكان، وە هەروەها قسەوتن لەدینی خوادا بەبێ زانست وزانین.

**بۆنموونە**: وەسف كردنی خوا بەشتێك كە خۆی یان پێغەمبەرەكـەی وەسـفی پـێ نەكردووە، یان نەفی كردنی شتێك كە خوا بۆخۆی جێگیروباسـی دەفـەرموێت یـان بەپێچـەوانەوە، جـا قسـەوتن سـەبارەت بـەخواو شـەرعەكەی لەگـەورەترینی حەرامكراوەكانە، لە پێشەوەی پیلان وفێڵەكانێتی، جا ئەوانەی باسـكران هەنـدێك لەترسناكترین چەواشەكاری وتەڵەكـەكانی شـەیتانە كـە خـۆی وشـوێنەكەوتەكانی بانگەشەی بۆدەكەن و بەشەوو ڕۆژ هەوڵی بۆ دەدەن و تێكۆشانی لـەپێناودا دەكـەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ هەتا ئەو ئاستەی ئەتوانن، بەڵام خوای میهرەبـان فـەرمان دەكات بە دادپەروەری وچاكەو گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و نـەهی دەكـات لـە

فەحشاو خراپەكاری ورق وكینەودوژمنایەتی، جا خوشك وبرایان سەرنج بدەن لەگەڵ كام كۆمەڵ ئەتانەوێ بن و لەگەڵ كام بانگخوازدا ئەتانەوێ برۆن؟

## ٢- ترساندنی مرۆڤ بەهەژاری:

خوای گەورە سەبارەت بەفێڵ و هەنگاوی شەیتان بۆ فریودانی مرۆڤ كە دوژمنێتی دەفەرموێت : ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ ﴾ (البقرة) .

واتە: لەكاتی بەخشیندا شەیتان بەڵێنی هەژاری ونەداریتان پێ دەداو پێتان ئەڵێت: ئەگەر ببەخشن لات وهەژار دەكەون! بۆیە دەست بنوقێنن وەهەڵتان دەنێت بۆكاری نەشیاو بێزلێكراو، خواش بەڵێنی لێبوردن وفەزڵ وبەهرەی خۆیتان پێدەدا، خوا خاوەنی نیعمەتێكی فراوانە وزۆر زاناو بەئاگایە بەهەموو كردارو نیازێكتان.

خوای پەروەردگار لێرەدا ئاکـارو فەرمانڕەوایـەتی دوو حیـزب وتاقمـان بـۆ بـاس دەفەرمویێت کە ئەوانیش:

**حزب الرحمن:** بانگەواز دەکات بۆ خێروچاکەو پەیمانی فەزڵ وپاداشتی زۆرو خێـرا دەدات بە شوێنکەوتووانی.

**حزب الشیطان:** هانیان دەدات بۆ دەسـگیرۆیی وچـرووکی نوانـدن ودەیانترسـێنێ بەهەژاری ونەداری، جا ئەوەی وەڵامی بانگەوازی خوا بداتەوە ئەوا بەڵێنی دەداتـێ بە جێگرتنەوەی ماڵ وزیادکردنی لەکاتی بەخشیندا وبەلێخۆشـبوونی تاوانـەکانی، بەڵام ئەوانەی کە وەڵامی بانگخوازی شەیتان دەدەنەوە ئەوە بەرەو دۆزەخ دەیانبات و سەریان لەئاگرەوە دەردەکات.

جا بەدڵنیاییەوە حزبی خوا تاکە حزبـی ڕزگـاری وسـەرفرازیەو شـوێنکەوتووەکانی خۆشبەخت و قوتاربوون لەئاگر، نەوەك لایەنی شەیتان کە خوای گەورە دەفەرموێت لەبارەیانەوە : ﴿ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴾.

واتە: بەڕاستی ئەو هەر گروپ وشوێنکەوتووانی خـۆی بـانگ ئـەکات بـۆ ئـەوەی پێکەوە ببنە یارو هاوەڵی ئاگری دۆزەخی هەڵگیرساوی بڵێسەدار.

## ڕوونکردنەوە و ئاگاداری خوایی سەبارەت بە دەستێوەردانە خراپەکانی شەیتان و ئەوەی بەشوێنکەوتووانی دەکات:

لە سۆزو ڕەحمەتی خواوە بەرانبەر بەبەندەکانی، هۆشیاری دەدات سەبارەت بە ترسناکی گوێڕایەڵی شەیتان و ئەو دەستێوەردانانەی کەدەیکات لە کاروباری مرۆڤداو هەوڵ وکۆششە چەپەڵەکانی بەمەبەستی لەڕێ دەرکردنی ئادەمیزاد، بۆیە دەچینە خزمەت ئایەتێکی تری قورئانی پیرۆز کە ڕوونکەرەوەی فێڵ وتەڵەکەکانی شەیتانە: خوای زاناودانا دەفەرموێت : ﴿ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ ﴾ (النساء) کە دواتر دێینە سەر ئەم ئایەتەو بەووردی قسە و پیلانەکانی شەیتان ڕوون دەکەینەوە.

کە ئەمە هەواڵێکی زۆر گرنگە لەلایەن پەروەردگارەوە دەربارەی هەوڵ وکۆششی شەیتان بۆ لاڕێ کردنی مرۆڤ وجوان کردن وڕازاندنەوەی تاوان وگوناه ولەبەرچاویان، تەنانەت شەیتان سوێند دەخوات ودەڵێت: ﴿ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴾

واتە: شەیتان بەملهوڕی خۆی گوتی بە خوا: شەرت بێت لەبەندەکانی تۆ بەشێك

دابڕم بۆخۆم ودایان ئەبڕم لەئیمان وخواناسی. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە دەسەڵات وتوانای بەسەر هەموو بەندەکاندا نیەو تەنها دەسەڵاتی بەسەر شوێنکەوتەو هاووێنەکانی خۆیدا هەیە، وەکو دیسان لەم ئایەتەدا سوێند دەخوات ودەڵێ: ﴿لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾﴾ (سورة : ص).

واتە: ئیبلیس (بەبوغزوکینەو حەسادەتەوە) ووتی: شەرت بێت لەزەویدا هەموو گوناه ولادان وتاوانێکیان لاجوان وشیرین بکەم وهەرهەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم، بێجگە لەبەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت. جا ئەو شەرت وبەڵێنەی کە ئیبلیسی ناپاك دای هاتەدی و ئەوا خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾﴾ (سبأ) .

واتە: لەڕاستیدا گومانی شەیتان بەڕاست دەرچوو بەرانبەر ئەو جۆرە کەسانە بێ پەروا شوێنی کەوتن، جگەلەدەستەیەك لە بڕواداران نەبێت.

**جا ئێستا دێینە سەر ئایەتەکەی پێشوو بەووردی ئەو فێڵ وپیلانانەی کەئایەتەکە باسی فەرمووە دەخەینەڕوو:**

١- " وَلَأُضِلَّنَّهُمۡ " شەیتان ووتی سوێندبێت بەتۆ ئەی پەروەردگار دەبێت گومڕایان بکەم لەڕێگەی ڕاست و وایان لێبکەم زانست وزانینیان پێ نەبێت و کردەوەی چاکیش ئەنجام نەدەن.

٢- " وَلَأُمَنِّيَنَّهُمۡ " دەبێت دڵیان پڕکەم لەئاوات وئارەزووی ناڕاست وپووچ وسەرقاڵ وسەرگەرمیان بکەم، واتە جگەلە گومڕاکردنەکە سەرقاڵیان دەکەم بەو خەیاڵە بێ بنەمایانەوە تا بەکاروانی هیدایەتدراوان وپیاوچاکان نەگەن، کە ئەمەش ئەوپەڕی سەرلێشێواویە چونکە تەنها بەوە وازیان لێ ناهێنێت بەڵکو ئەو گومڕاییەی کەتێیدان بۆیان دەڕازێنێتەوەوجوان دەکاتەوە، کەئەمە خراپەیە بەسەر خراپەکەیانەوە چونکە وایان لێدەکات کاروکردەوەگەلێك ئەنجام بدەن کە خراپەو سەریان لەدۆزەخەوە دەردەکات بەڵام وادەزانن کردەوەی بەهەشتی دەکەن و وێنای چاك لەمێشك ودەروونیاندا دروست دەکات، کەئەمەش زیاتر بەسەر گاورو جولەکەکاندا دەبڕێت، هەروەکو خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە : ﴿ وَقَالُواْ لَن يَدۡخُلَ ٱلۡجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰۗ تِلۡكَ أَمَانِيُّهُمۡ ﴾(البقرة:١١١).

واتە: جولەکە ووتیان: هیچ کەسێ بێجگە لە جوولەکە ناچێتە بەهەشتەوە، گاورەکانیش هەربەو جۆرە گوتیان: ئەوەی گاورو عیسایی نەبێت کەسێ تر ناڕواتە بەهەشتەوە! ئەم قسەوباسانە بەهەمیشە ئاوات وخەیاڵ پلاّویانە.

وەیان دەفەرمویت : ﴿ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ﴾ (الأنعام:١٠٨).

واتە: ئابەو شێوەیە بۆ هەموو گەل وئوممەتێك کاروکردەوەکانیان بۆ دەڕازێنینەوە.

یان لەئایەتێکی تردا دیسان دەفەرمویت : ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا ﴿١٠٣﴾ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ ﴾ (الكهف)

واتە: بلّێ ئایا پێتان بلّێم: زیانبارترین کەس لای خوا کێیە؟ ئەوانەن کە هەوڵ وتێکۆشانەکانیان لەم ژیانی دونیادا بێ هەوانتەوبێ ناوەڕۆك دەرچوو لەگەڵ ئەوەیشدا لایان وایە کارێکی شیاووشایستەیان ئەنجام داوە.

٣- " وَلَأٓمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ " واتە مەرج بێت خۆم فەرمانیان پێبدەم، گوێی ئاژەڵ ومەڕوماڵاتیان ببڕن، وبیکەنە نیشانەی حەرام بوونیان، لەسەردەمی نەفامیدا هەر ووشترێك پێنج سکی کردبایە دیاریان ئەکرد بۆ بتەکانیان وگۆشتیان نەئەخوارد! ئەمەش جۆرێکی ترە لە گومڕاکردن کە حەرامی

ئەو شتە دەکات کە خوا حەلاڵی کردووە، کە لەسەرئەنجامی ئەمەوە بیربڕاوەڕی خراپ وئاداب وویڵی ستەمکاری دێتەکایەوە کە لە گومڕاکردن گەلێ خراپترە.

٤- " وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِ " فەرمانیان پێدەکەم دەستکاری دروستکراوەکانی خوا بکەن وشێوازو ڕوخساریان بگۆڕن، وەکو خەساندن وچاوهەڵکۆڵین ولووت وگوێ بڕین حەفەو خاڵ کوتان وشاش کردنی ددان وهاوشێوەکانی، کە ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت بە خەلق ودارشتنی خوایی ڕازی نین وئەوەی بەدەستی خۆیان دەیڕازێننەوە جوانترو باشترە لە دروستکراوی خوای کارزان وکاربەجێ.

جگە لەوەش مانایەکی تری هەیە بریتیە لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی ناوەکی وناوەوەی مرۆڤ، چونکە خوای پەروەردگار مرۆڤی لەسەر فیترەت و ئیسلام دروستکردووە بەشێوەیەك خولقاندوونی کە حەق وەرگربن بن وپێشی بخەن بەسەر بیروبۆچوونەکانی تردا، جا شەیتانەکان هاتن وئەم شێوازە جوانەیان تێکداو بەرگی گوناهوتاوانی کرد بەبەریانداو شیرك وفسوق وبێباوەڕی وسەرپێچی خوای لاجوان کردن وڕازاندنیەوە بۆیان، جا ئەگەر سۆزومیهرەبانی خوای میهرەبان نەبوایە ئەوا ئەو هەڵخەڵەتاندنە بەندەباوەڕدارەکانیشی دەگرتەوەو هەڵی دەخەڵەتاندن و ئەوەی

بەسەر ئەواندا هێنا بەسەر ئەمانیشدا دەیهێنا، ﴿وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا﴾ واتە: جا هەرکەسێ لەباتی خوا شەیتان بکاتە دۆست ویارمەتیدەر بۆخۆی ووازلە ئایینی خوا بێنێ ئەوا بەڕاستی زەرەروزیانێکی ئاشکرای کردووە.

٥- "يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ" شەیتان بەڵێن دەداتە شوێنکەوتەکانی وئەوانەی کەوتوونەتە داوی گومڕایی ئەمەوە بەوەی کە هەرکاتێك ببەخشن لەپێناوی خوادا ئەوا هەژارونەدار دەکەون وهەرکاتێکیش بچن بۆ جیهادو تێکۆشان ئەوا دەکوژرێن ودەمرن ودادەبڕێن لەم ژیان وجیهانە خۆش وپڕلە ڕابواردنە! چونکە کت ومت وەکو خوای زاناودانا دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ﴾.

واتە: دیارە ئەوە هەڕەشەی شەیتانەو دەیەوێ دۆست وشوێنکەوتووانی خۆی بترسێنێ. هەرکاتێك ڕەزامەندی خوا پێش بخەن دەیانترسێنێ بەهەرشتێك کەبۆی بکرێ ولەتوانایدا بێت بۆ ئەوەی بیخاتە مێشکیانەوەو فریویان بدات تا لەئەنجامدا کەمتەرخەم بن لەهەموو کارێکی خێرو پاڵی لێ بدەنەوە. وەهەروەها دڵ دەروونیان پڕدەکات لەخەیاڵ وئەندێشەی پووچ وبێ ناوەڕۆك کەلەڕاستیدا وەکو تراویلکە(سەراب) وەهایە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَعِدُهُمْ

ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُ ﴾ (النساء) واتە: لەڕاستیدا بەڵێنی شەیتان هەر درۆو فریودان وچەواشەکردنە جێ وڕێی ئەمانە دۆزەخە. جا بۆیە هەرکەسێك ڕووبکاتە شەیتان وگوێڕایەڵی بێت وپشت لەپەروەردگارو بەرنامەی پەروەردگاری دەبێت و دەبێتە یەکێك لەئەندامانی حزبی شەیتان ونشینگەو شوێنی هەمیشەییان دەبێتە ئاگری دۆزەخ، جا ئەوکاتە هیچ پەناگەو فریادڕەسێك نیەو بۆیان وبەڵکو بەهەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە بەسەر شۆڕی وزەلیلی. خوای پەروەردگار سەبارەت بە فێڵ وپیلانی شەیتان وئاگادارکردنەوەی ئێمە دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ ﴾ (المائدة)

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە! بێگومان بن کە عارەق خۆری وقوماربازی و بەردەی حەیوانی بتەکانی لەسەر سەر دەبڕێ بۆ بتەکان وفاڵگرتنەوە بۆ دەرکەوتنی بارێکی چاك یان خراپ یان بۆ تاقیکردنەوەی بەخت وەك عادەت باوبوو ئەمانە گشت پیسن ولەکاری شەیتانن دەسا ئێوە خۆتانی لێ دووربگرن تابەڵکو لەدنیاوقیامەتدا ڕزگار و بەختەوەربن، شەیتان هەر ئەیەوێ بەشەرابخواردن

قوماركردن دوژمنایەتی وقین بـخاتەناوتان ولەیادی خواو لەنوێژكردن ڕێتان لێ بگرێ و وەرتانگێڕێ ئاخۆ ئیتر ئێوە لەوكارانە دەسبەرداردەبن؟

خوای كارجوان وكاربەجێ زەمی ئەو شتانە دەكات وهەواڵمان دەداتێ بەوەی كە ئەو جۆرە كارانە لەكاروكردەوەی شەیتانە وپیســن ووازی لــێ بێـنن وبــەڵكو نزیكیشـی مەكەونەوە، چونكە سەرفەرازی وبەختەوەری بەدەست نایەت ئیلا بە وازهێنـان لــە حەرامكراوەكان نەبێت، چـونكە مـەی خواردنــەوە دەبێتــەهۆی وەرگــەڕانی عــەقڵ وژیری وداكوتانی بنەمای ڕق وكینە ودوژمنایەتی لەنێوان خۆی وكەسانی تـردا تـا سەری لەكوشتن وكوشتارەوە دەردەچێت، وە قومــاریش لەبــەر ئــەوەی ســەركەوتنی یەكێكیانە بەسەر ئەوی تردا بردنی ماڵێكی زۆری كەسی بەرانبەر بەبێ هۆ دەبێتــە گەورەترین هۆكاری دوژمنایەتی و ڕق وكینە. زیاد لەوانەش دەبێتــەهۆی دڵ ڕەقــی وجەستە دووردەخەنەوە لە یادوزیكری خــوا ونوێــژكردن، جـا چ سەرپێچـیەك لــەوە گەورەترە كە بكەوێتە نێوان خاوەنەكەی وخواوەو دووری بخاتەوە لە پەرستشی خــواو پیس وچەپەڵی بكات وبیكات بەیەكێك لەوانــەی كــەناپاكن وبیخاتــە ڕیـزی كـارە شەیتانیەكانەوە وبەداوی شەیتانەوە بئـاڵێ وەكــو چـۆن ئـاژەڵ بــەداوی ئادەمیــەوە دەبێت؟

خوای گەورە لەئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٢٧ ﴾ (الأعراف).

واتە: ئەی نەوەكانی ئادەم! وریابن شەیتان فریوتان نەداو لەئاین وەرتان نەگێڕێ هەروەك باوك ودایكتانی بەفرِوفێڵ لەبەهەشت بەدەركردندا جل وبەرگەكەشیانی لێ داماڵیـن بۆ ئەوە عەورەتی خۆیانیان نیشان بداوببینن، هۆشیاربن لەشەیتانەكان چونكە هەمیشە خۆیان وكۆمەڵەودەستەو بەستەیان ئێوە دەبینن بەڵام ئێوە ئەوان نابینن، بەڕاستی ئێمە شەیاتینەكانمان كردۆتە دۆست ویارمەتیدەری ئەو كەسانەی بڕوایان بەخوا نیە هەتا پتر سەرلێشێواوبن.

بەڵێ دیارە كە مەبەستی شەیتان تەنهاو تەنها دەرخستنی عەورەتە وئابڕووبردن وسوككردنی بنیادەمە، بۆیە ئەمڕۆش قوتابیەكانی دەبینی لێرەو لەوێ ڕەواج دەدەن بەداماڵینی جل وبەرگ، وەبەهەموو هێزێكیانەوە بانگەشەی ژنان وئافرەتان دەكەن بۆ خۆڕووتكردنەوە وخۆدەرخستن وتێكەڵبوون بەپیاوان وهەڵهاتن لەداب ونەریتە ئیسلامیەكان، بەناوی ژیارو پێشكەوتن وشارستانیەتەوە! لەپشت ئەوەشەوە مەبەستەكە ڕوون وئاشكرایە كە: تێكدان وخراپكردنی كۆمەڵ وكۆمەڵگەیە بە

ورووژاندنی ئارەزووە جنسیەکان ونەهێشتنی ئاکارو ڕەوشت و حورمەت وڕێزی ناموس وبێ غیرەتکردنی مرۆڤەکان لەئاستی شەرەفیاندا... ئاشکرایە کە بەرزکردنەوەی ئاڵای کۆن وتازە لەلایەن شەیتان وقوتابیەکانیەوە هەربۆ ئەو مەبەستەیە، ئەگەرچی ئێستا شێوەوڕەنگ ودەنگیشی گۆڕاوە، بۆیە لەڕاستیدا بێ دینەکان سوکایەتی بە ئافرەت دەکەن و وەکو کاڵایەکی بازرگانی کڕین وفرۆشتنی پێوە دەکەن، بۆیە دەبینین تەنانەت لەسەر بێ نرخترین شت وێنەیەکی ئافرەتی لەسەر دانراوە بۆ ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێت کەچی بەداخەوە ئافرەتەکەش بەوە ڕازی دەبێت.

جا نەمانی ئیمان وباوەڕ لەدڵ ودەروونی مرۆڤدا-پەنابەخوا- هۆکارە بۆ دەست بەسەراگرتنی شەیتان بۆ مرۆڤ، وداگیرکردنی بەهەموو شێوەیەك، وەکو خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ إِنَّهُۥ لَيۡسَ لَهُۥ سُلۡطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلۡطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾(النحل)

واتە: بێگومان شەیتان هیچ زۆرو دەسەڵاتێکی بەسەر ئەوانەدا نیە کە بڕوایان هێناوەو تەنها بەپەروەردگاریشیان پشت دەبەستن، بەڕاستی هەر تەنها بەسەر

ئەوانەدا دەسەڵاتی هەیە کەئەو دەکەنە پشتیوان ودۆستی خۆیان وگوێڕایەڵی دەبن وەهەروەها بەسەر ئەوانەیشدا کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.

وە هەروەها پاش ئەوەی کە شەیتان شوێنکەوتووەکانی خۆی فریو دەدات وگومڕایان دەکات کەچی خۆی لێیان بەری دەکاو حەقی پێیانەوە نیەو ئەوەتا دەڵێت :

﴿ وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا۠ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾(إبراهيم).

واتە: جا کەکار لەکار ترازاو هەموو شتێ بڕایەوە، واتە: بەهەشتی بۆ بەهەشت نێردراو، دۆزەخیش بۆ دۆزەخ، ئیتر شەیتان سەرزەنشتیان دەکاو دەڵێت: بێگومان خوا لەدونیادا لەسەر زمانی پێغەمبەران بەڵێنێکی ڕاست ودروستی پێدان بەزیندووبوونەوەو جەزاو پاداشت، واهێنایە دی منیش بەڵێنی ناڕاست ودرۆو دەلەسەم پێدان بەڵام من بەڵێنەکەی خۆمم نەبردە سەر بەپێچەوانەوە فریوم دان وناتوانم یارمەتیتان بدەم خۆڵەو کاتەیشدا هیچ دەسەڵات وبەڵگەونیشانەیەکم بەدەستەوە نەبوو هەتا بەزۆر گوێڕایەڵتان بکەم، ئەمە نەبێت کە گومان ودوو دڵیم

بۆ پەیداكردن وبانگم كردن بۆ گومڕایی خێرا ئێوەش وەڵامتان دامەوەو بەگوێتان كردم وبەدەنگمەوە هاتن، جاكەوابوو ئێوە ئەمڕۆ سەركۆنەو سەرزەنشتی من مەكەن بەڵكو لۆمەو سەرزەنشتی خۆتان بكەن من ناتوانم فریاتان بكەوم هەتا لەسزا ڕزگارتان بكەم وە ئێوەش ناتوانن فریای من بكەون هەتا لەسزا ڕزگارم بكەن دڵنیاش بن كەمن بێزارم لەوە كەلەبەرا(لەدنیادا) منتان كردە شەریك وهاوەڵی خواو بەگوێتان كردم، ئینجا خوا دەفەرموێ: بەڕاستی ستەمكاران ئەوانەی پشتیان لەهەق كرد سزای ئێش پێگەیەنەروو نارەحەتكەریان بۆ هەیە.

سوپاس بۆ خوا كە هەموو شتێكی بۆ ڕوون كردووینەتەوە، تەنانەت چۆن شەیتان لە ڕۆژی دواییدا خۆی بەدووردەگرێ لەو كەسانەی كە خۆی هەڵی خەڵەتاندوون و وەفای بۆیان نیە، لێرەشدا ساویلكەیی ئەو كەسانەمان بۆ دەردەكەوێ كە دەبنە شوێن پێهەڵگری شەیتان وشوێنی دەكەون وگوێڕایەڵی دەكەن، با ئەوانە بیرێك لەم ئایەتە بكەنەوە كە ڕابوورد چۆن باسی ئەو دیمەنە دەكات وناكۆكی دەكەوێتە نێوان شەیتان وشەیتان پەرستانەوە، ئێمەی مرۆڤ بیانوویشمان نیەو هیچ شتێكمان بەدەستەوە نیە بۆ ئەوەی بەرگری بكەین لە خۆمان پێی چونكە ئەوەتا قورئان هەموو شتێكی تێدایەو هیچ شتێكی جێ نەهێشتووە باسی نەكردبێ.

وەهەمدیس دەربارەی ئەوانەی کەپشت دەکەن لەبەرنامــەی خــوا دەفــەرمویێت: ﴿ وَمَن يَعۡشُ عَن ذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ نُقَيِّضۡ لَهُۥ شَيۡطَٰنٗا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٞ ﴿٣٦﴾ ﴾ (الزخرف) واتە:

هەرکەســێ لەبەرنامــەو یــادی خــوا ڕوو وەرگێــڕێ وپشــت هــەڵبکات ئــەوا ئێمــە شەیتانێکی بۆ دەسازێنین هەردەم هاوڕێی دەبێت لێی جیانابێتەوە.

ئەمەش سزایەکی دونیاییە بۆ ئەو کەسانەی کە پشت لەقورئان وبەرنامەکـەی خـوا دەکەن وخۆیانی لێ تــێ ناگەیــەنن و ڕووی لــێ وەردەچــەرخێنن، بــەوەی کــە خــوا شەیتانێك دەکاتە هاوڕێ وهاودەمی کە تاوانەکانی بۆ جوان دەکاتــەوەو سەرپێچــی خوای بۆ دەڕازێنێتەوە ولەولاشەوە عیبادەت وپەرستنی خوای قورس دێنێتە بەرچاو هەتا وای لێ دەکات دڵــی ئەوکەســە ڕەق دەبێــت وهــیچ ڕێنمــایی وئامۆژگاریــەك وەرناگرێت و بەتەواوەتی نغــرۆ دەبێــت لــە دەریــای تاوانــدا-پەنابــەخوا- ئــەمــەش سزایەکی دونیاییە چ جای سزای دوارۆژ کە زۆر لەوە سەختترو ناڕەحەتترە!

## وەسوەسەی شەیتان:

خوای گەورە سەبارەت بە وەسوەسەی شەیتانیش دەفەرموێت : ﴿ وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ ٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ يَنزَغُ بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ كَانَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوّٗا مُّبِينٗا ﴿٥٣﴾ ﴾ (الإسراء)

واتە: ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەبەندەکانم بڵێ: بە ووشەیەك قسەوگوفتار بکەن باشتـروجوانتـربێ بۆ ڕاگرتنی سۆزی خۆشەویستی نێوانیان، واتە: هەوڵ بدەن چ قسەوکاروکرداری باشترە ئەوە بکەن وئەوە بڵێن، هەرشتێك دەبێتەهۆی پچڕانی خۆشەویستی دووری لێبگرن، چونکە شەیتان هەمیشە دەیەوێ فیتنەوئاژاوە لەنێوانیاندا سازبکات، جا ئەگەر ئێوەش زیرەك وهۆشیار نەبن، ئەوا دەتوانێت بەشتێکی بچووکیش بێت نێوانتان تێك بدات! بێگومان شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایەو هەر لەبۆسەو مەڵاسدایە بۆیان.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا فەرمانە بەهەموو قسەوگوفتارێك کە بەندە نزیك بکاتەوە لە خوا، لە خوێندنی قورئان وزیکرو زانست وفەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپـە وخـۆش گوفتاری لەگەڵ خەڵك بەگوێرەی جیاوازی پلەوپایەیان چونکە قسەی چاك وگوفتاری باش بانگەشەوبانگەوازکردنە بۆ هەموو کردارێکی جوان وسەنگین، وەئەوەی زمانی بگرێت ولەچاکەدا بەکاری بهێنێت ئـەوا توانـای زاڵبـوونی هەیـە بەسـەر هـەموو هەموو شتێکدا.

وەهەروەها لەئایەتێکی تردا دەربارەی وەسوەسەی شەیتان دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ قَالَ ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا

﴿٦١﴾ قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ
ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٢﴾ قَالَ ٱذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَآءً مَّوْفُورًا
﴿٦٣﴾ وَٱسْتَفْزِزْ مَنِ ٱسْتَطَعْتَ مِنْهُم بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ
فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ وَعِدْهُمْ ۚ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿٦٤﴾ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ
لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ ۚ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا ﴿٦٥﴾ ﴾ (الإسراء) .

واتە: ئەو کاتەیان وبیربێنەوە ئەی پێغەمبەر(صلى الله علیە وسلم) کەبە فریشتەکانمان گووت: کڕنۆشی ڕێزوحرمەت بۆ ئادەم ببەن، جا ئەوانیش دەست بەجێ گشت کڕنۆشیان برد، ئیبلیس نەبێ، لەبەر ئیرەیی وحەسوودی خۆی ووتی: من چۆن کڕنۆش بۆ کەسێك دەبەم کەلە قوڕ دروستت کردووە؟ من بەرزو بەڕێزم، ئەو خوارو پەستە! دیسان ووتی: ئاخر پێم نالێیت ئەمە چیە تۆ ڕێزت بەسەر مندا داوە؟ ئاخۆ چ جەوهەرێکی بەسەرمدا زیادە؟ ئەگەر تا ڕۆژی قیامەت بەزیندوویی بمهێلیت مەرج بێت وەچەونەوەکانی -کەمێکیان نەبێ- هەموو گومڕاو لاڕێ بکەم، خوا فەرمووی: دەسا بچۆ مۆڵەتت بێت، هەرچی دەتوانی بەکاری بێنە، ئەوجا هەرکەسێکیان پەیڕەوی لەتۆ بکات ئەوا بەڕاستی سزای هەمووتان پڕبەپڕ دۆزەخ

دەبێت، وە هەرکەسێکیان تۆ پێی دەوێریت بانگی بکەو، بەدەنگ وسەدای ناهەقی خۆت بیخرۆشێنە ولەهەق دووری خەرەوە، هەتا دەیـخەڵەتێنی وفریوی دەدەیت، وەبەگشت لەشکرو هێزی سوارەو پیادەی خۆتەوە دنەیان بدەو هێرشیان بۆبەرەو ببەهاوبەش لەماڵ ومنداڵیاندا، واتە: لەڕێگەی حەرام ویاساغەوە ماڵیان پێ پەیدا بکەو هەرلەو ڕێیەشدا پێیان دابنێ وئەوەندەش بەڵێنیان بدەرێ وسەرگەرمیان بکە بەدرۆکانی خۆتەوە، وە هەرچی بەڵێنی شەیتانە تەنها چەواشەگەری وفریودانە، بێگومانبە تۆ هیچ دەسەڵات وتوانایەکت بەسەر بەندە ڕاستەکانی مندا نابێت، واتە: هەرگیز ناتوانی فریویان بدەیت چونکە خوایان لەپشتە، تۆش پەروەردگارت پارێزەرو چاودێرو پشتیوانت بێت، بەستە.

هەندێك لەزانایانی تەفسیری قورئان دەڵێن مەبەست لەدەنگ وســەدای شــەیتان گۆرانی و مۆسیقایە، وە ئیبن عباس دەڵێت: هەر دەنگێك بەرەو تاوان بتبات ئــەوە دەنگی شەیتانە.

## ناوەکانی ئیبلیس:

پێشەوا بەیهەقی لەکتێبی **" شعب الإيمان"** دا بەسەنەدی خۆی لەئبن عباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئیبلیس ناوی عەزازیل بووە.

پێشەوا ابن حجر لە کتێبی **" فتح الباري"** دا دەڵێت: بەڵێ ئیبلیس ناوی عەزازیل بووە پاشان بێ ئومێدکراوسەرپێچی کرد" وە دەڵێ: لەناوەکانی تری بریتین لە: **الحارث والحكم**، وە نازناوەکەی **( أبو مُرة )**یە لەهەندێ شوێنی تردا هاتووە کە نازناوەکەی **( أبو الكروبين)**ە.

## ناوی نەوەکانی:

یەکێك لەناوی نەوەکانی کە فەرموودەی صەحیحی لەسەر هاتبێ بریتیە لە ( **خنزب**).

لە **(أبي العلاء)**ەوە: کە **(عثمان)** کوڕی **(أبي العاص)** (خوای لێ ڕازی بێت) هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتی: **(يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ حَالَ بَيْنِي وَبَيْنَ صَلَاتِي وَقِرَاءَتِي يَلْبِسُهَا عَلَيَّ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله**

**عليه وسلم): (ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خَنزَبٌ، فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللهِّ مِنْهُ، وَاتْفِلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلَاثًا). قَالَ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ، فَأَذْهَبَهُ اللهُّ عَنِّي.** (رواه مسلم)

واتە : یارسول الله، شەیتان بووەتە کۆسپ لە نێوان من و نوێژو قورئان خوێندنەکەمدا لێم تێکدەدات، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ئەوە شەیتانێکە پێی دەوترێ **(خِنزَب)**ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بگرە بەخوا لێی، وە سێ جار تف بکە بەلای چەپدا) دەڵێ: ئەمەم کرد خوای گەورە شەیتانی لێدور خستمەوە.

**موسوڵمانانی بەڕێز** : بزانن کە شەیتان بەهەموو شێوەو شێوازێك و لەهەموو ڕێگایەکەوە بۆمرۆڤ دێت، بچوك بێت یان گەورە ئافرەت بێت یان پیاو لەهەموو شوێنێك ولەهەموو کاتێکیشدا بەفرسەتی دەزانێت وهەل لەکیسی خۆی نادات، بەڵام ئەوە ئێمەین هەست بەو دوژمنایەتیە ناکەین و گرنگی پێنادەین، جا بەهەر هۆکارێکەوە بێت: لەبەر لاوازی باوەڕمان یان لەبەر خۆشەویستیمان بۆ دونیا یان هەست بە ترسناکی شەیتان ناکەین.... بەهەرحاڵ خۆمان توندوتۆڵ نەکردووە وقەڵغانی پارێزەرمان دروست نەکردووە بۆخۆمان بەگوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم)کەبە دڵسۆزانەترین وزاناترین شێوە پیلانەکانی شەیتانیان بۆ ڕوون کردوینەتەوە.

دڵنیابن بەڕێزان کە خودی گوێڕایەڵی نەکردنی فەرمانی خوا وپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بریتیە لە گوێڕایەڵی شەیتان وشوێنکەوتنی، چونکە فەرمانی خواو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هەمووی چاکەیەولە بەرژەوەندی ئێمەی موسوڵماندایە، کەواتە ئەگەر کەسێك چاکەی ئەنجام نەدا ئەوا بەدڵنیاییەوە تووشی خراپە دەبێت یان تووشی ئەوکارە دەبێت کە نەچاکەیەو نەخراپەیە(نەپاداشتی بۆ دەنووسرێت نەیش خراپە)، کەئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی پیلان وفەرمانی شەیتان، **وا لە خوارەوە باسی دەکەین:**

شەیتان پلەبەپلە لەگەڵ مرۆڤدا دێت و وازی لێ ناهێنێت تا تووشی نەکات، ئەوەش بەگوێرەی تاوان وسەرپێچی.

**بۆ نموونە :** لەسەرەتاوە هەوڵ دەدات مرۆڤ تووشی شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوا بکات بۆ ئەوەی لەدین دەری بکات وبەهەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا بمێنێتەوە وەکو خۆی، وەئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو بەندە توانی بەرگری لەخۆی بکات ئەوا هەوڵ دەدات تووشی کوفروبێباوەڕی بکات ودڵڕەقی بکات تا ڕۆشنایی باوەڕوخواناسی لەدڵی دەردەکات ودەبێتە تاریکستان، وە ئەگەر لەمەشدا نەیتوانی فریوی بدات ئەوا پلەیەك دێتەخوارەوەو هەوڵ دەدات تووشی بیدعەی

بکات وئەوەی لەدیندا ئەسڵ وبنەڕەتی نیە بیهێنێتەکایەوەو شتگەلێك بۆ ئایین زیاد بکات کە خواوپێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێ نەکردووەو پێیشی ڕازی نین، چونکە بەهەمان شێوە هەموو داهێنانکاریەك سەرئەنجامەکەی ئاگرە، بەهەمان شێوە ئەگەر بەندە خۆڕاگربێت وزانستی پێببێت تووشی ئەوە نەبێت، ئەوا هەوڵ دەدات تووشی تاوانی گەورەی بکات(**کبیرة**) تا بەهۆیەوە فاسق بێت و ببێتە کەسێکی لەفەرمان دەرچوو وتاوانکار، وە ئەگەریش لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو ئەوا هەر وازی لێ ناهێنێت هانی دەدات تووشی تاوانی بچووکی بکات وکەڵەکەی بکات لەسەری تا بەتەواوی تیابچێت وتاوان وگوناە بکاتە خولیاوئارەزووی، لەکۆتاییدا هەر وازی لێ ناهێنێت لەکاتێکدا ئەگەر بەندە لەباوەڕدارە پابەندەکان بێت بە ئایینەکەیەوە، ئەوا شەیتان لەدوا قۆناغیدا هەوڵ دەدات تووشی ئەو کارانەی بکات کە چاکەی بۆ نانوسرێت وخراپەیشی لەسەر نیە وتاوان نیە، بۆ ئەوەی بەندە کات وتەمەنی لەبەتاڵدا بباتەسەرو بێ نرخ بێت وبەزایە بچێت!!

**اللهمَّ إنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَنَعُوذُ بِكَ رَبَّنا أَنْ يَحْضُرُونِ**

**والصلاة والسلام على نبينا محمدٍ وعلى آلِهِ الطيبين الطاهِرين**